## گەمە سیمبولیکیەکان.....


# لە دنیای کۆلاژی -گەمە شاراوەکانی با-ی نەژادی عەزیز سورمێدا

**(«گەمە شاراوەکانی با» ناونیشانی پیشانگای شەشەمی کۆلاژ بوو، کاک نەژاد لە ١٦ تا ٢٠١٧/٤/٢١ لە گەلەری هۆڵی میدیادا بۆ ماوەی ٦ رۆژ نمایشی کرد. ئەمەی خوارەوە ڕوانینی نووسەرو مامۆستای زانکۆ «محەمەد تەها حسێنە» لە بارەی ئەم پیشانگایە).**


**گوڵان**

محەمەد تەها حوسێن

هەر تابلۆیەك خەونێكە و لە حەزێك یا ئارەزوویەك یا ئومێدێك یا پاڵنەرێك چ غەریزی چ كۆمەڵایەتی چ سایكۆلۆژی كەوتۆتەوە، وردەكاریەكی سیمبولیكی ناوە ناوە بەیەكەوە گونجاو و ناوە ناوەش ئاڵۆز، هێما و ئاماژەكان بە ئاسانی نامانبەنە سەر ئەو وێنە ڕاستەقینانەی لە دەروونی نەژادی عەزیز سورمێ هەن، ئەمە بۆ بینەر ئەوەندە گرنگ نیە و تەنانەت ڕەخنەش ئەو مافەی نیە پشكنەرانە هەر دەبێ ئەم وێنە زەینیانەی هونەرمەند سەر لە نوێ بكێشێتەوە.
ئەوەی گرنگە هەستی هەر بینەرێكە ڕاستگۆیانە و ورد هێماكان بگوازێتەوە دەزگەی هۆشی خۆی و لەوێدا ئەوەی درووستی دەكا وێنەیەكی دیكە بێ، فیگەرەكان لەوێدا بەیەكەوە مانایەكی هونەری بدەنێ و كۆتایی بە سەرسامی و ئەوق ماویەكەی بێنن.
هونەری كۆلاژ لەنێو كایەی شێوەكاری كوردیدا ئەوەندە بەر بڵاو نیە و زۆر نین ئەوانەی لە نێویدان، نەژادی عەزیز سورمێ هێمنانە و لە مێژە لەو بوارە چالاكە و لەو پێشانگەیەدا كە ئێستا ١٦ تا ٢١ ی ٤ لە هۆڵی میدیا كراوەتەوە تێیگەیاندین كە شتە لەیەكتر جوداكان و بەیەكەوە نەهاتووەكانیش بۆیان هەیە لە فۆڕمی تازەدا شتی دیكە و وێنەی دیكە و ئینجا مانای تازەیان لێ بەرهەم بێت.
نەژاد لەم كۆ بەرهەمەیدا وردبوونەوە و نەسەقیەتێكی باڵای نیشاندایین و ئەوەی بۆ من جێی بایەخ بوو هێڵە هزری و ڕوانگە مەعریفیەكەی ئەو بوو كە دەمویست لە فیگەر و سیمبولەكانەوە ئاشنای بم و تا ئەو ئاستە توانیم پەی بەوە بەرم كە كاك نەژاد لەو كارانەیدا زۆر بە سەلیقەیەكی جوان لەسەر ڕاستە هێڵێك ڕۆیشتووە و خودی هونەری خۆی جا چ دنیا تاریكەكەی نەستی چ بەشە ڕوناكەكەی ژیرانە لە جوانكاریەكی سیمبولیكی لە چوارچێوە گرتووە.
تابلۆكان زۆر قوڵ لەگەڵ خۆیان شۆڕماندەكەنەوە نێو دنیایەكی تاریك لەهەر یەكێكماندا، هەر سیمبولەی بۆ هەرێمێكی نەست دەستمان دەگرێت و لەوێ وازمان لێناهێنێ و یەكسەر تەسلیم بە سیمبولێكی ترمان دەكا بۆ ئەوەی سەرەنجام بمانباتە ئەو قوڵاییانەی لەوێدا بیرۆكەكان خەستە و ماندوو كەوتوون و نەیانتوانیوە سەراو كەون نەبادا بوونە فیزیكی و كۆمەڵایەتیەكانمان لەبەین بچن، هەر بۆیە ئەم خودە ماندو و خەستەیە سیمبولگەلێكی كردۆتە نمایندەی خۆی بۆ ئەوەی لە دنیای بەرجەست و بەرهەستدا ڕۆڵی ئەو نمایش بكەن و كەس كە لێرەدا نەژادە وەك دیاردەیەكی ئینسانی گونجاو لەگەڵ ترادیسیۆن بگێڕنەوە.
ئەم هونەری كۆلاژەی نەژادی عەزیز سورمێ گونجانێك لە نەگونجاو دێنێتە ئارا، یا باشتر وایە بڵێین نەگونجاوەكانی ئەم دنیایە كە لەدەرەوەی نەسەقیەتی سیستم و ئۆردەری ژیانی كۆمەڵایەتی ئینسانی كەوتوونەتە ژەنینی ناخۆشترین ئاواز بۆ ژیان ڕێك دەخاتەوە، بەیەكەوە بەستنەوەی جوداكان بەردەوام بوون نیە لەسەر پیرۆزكردنی ترازان بەقەد ئەوەی ڕەخساندنی كەشێكی ئێستاتیكیە بۆ جوانبینینێك كە هەمیشە لە جوداكانەوە ئەم جوانیە فەراهەمە.
كارڵ گۆستاف یۆنگی سایكۆلۆژیست و میتۆلۆژیست هەمیشە خەونەكانی خۆی دەنووسیەوە و لە سكێچێكی شێوەكاریدا دەینەخشاندن و جاریواهەبوو لە پەیكەرێكدا سیمبولیزەی دەكردن، ئەو بەو جۆرە دیاردە هونەریە سایكۆمیتۆلۆژیانەی دەوت ـ ماندالا ـ لەو وێنە ماندالاییانەدا بۆ سیمبولە سەرەتاكانی هزری یەكەم مرۆڤ و یەكەم كەسێتی









و یەکەم خەون دەگەڕایەوە، ئەو پێیوابوو هەر کەسە بە جۆرێك سیمبولیزەی خەون و زیندە خەونەکانی دەکات و هەر سیمبولەش لە خەونەکانیاندا بۆ هەر یەکێك مانایەکی هەیە و ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە نەستی مێژووییدا شۆڕیدەکاتەوە و دەیباتەوە سەر ئەو یەکەم فیگەرەی کە یەکەم مانای دراوەتێ.


لە تابلۆکانی سورمێدا ئەو ئاگری مەعریفەیەی بڕۆمیسیۆس بۆ هەموومان لە هیفاستۆسی دزی تا پێی گەرم دابێین و لە قەسرین ڕزگارمان بێ زۆر بە دەرکەوتوویی دیارە، ئەم ئاگرە هەر ئەوە نیە خۆمانی لەبەر گەرم دەکەینەوە و خواردنی پێ ساز دەکەین و دەمانسووتێنێ و گۆشەیەك لە بوونمان پێکدەهێنێ، بەڵکو ئاگر بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی کیمیکیمان و ئەم کیمیاگەریەی ئاگر ناوە ناوە بەر دەبێتە بیۆلۆژیای جەستە و لەوێشەوە بەرەو ڕۆح بەرز دەبێتەوە و لە وێدا لە ئۆرگازمێکی ڕۆحیدا ئەو شادمانیەی ئاگر دەمانخاتە بەهەشتێکی ئەبەدیەوە.

ئاگرەکەی بڕۆمیسیۆس لە چاو و گەردەن و گۆزنگ و قەدی دار و پەیژە و کۆمەڵێك ئیکسسواری دیکە تروسکایی و گەرمیەکەی هەست پێدەکرێ و لە کۆتاییدا گەشتە ئاگرینەکەی سورمێ هەمووومان دەباتەوە سەر ئەو کانیاوەی هەر لەگەڵ یەکەم دەمتێنانی شلوێمان کرد و تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەمووومان هەر لەو ئاوە شلوێیە هەڵدێنجین و لەوساشەوە پۆخڵەواتی سەیر سەیر دەکەینە خۆراکی ئاگر و هەر بۆیەش بۆسۆکەی تاوەکو ئێستا هەر بۆکروزی زەمەنە سەرەتاکانی مرۆڤی لێدێت.

بڕۆمیسیۆس بە ئاگر سەرچاوەکانی مەعریفەی بۆ مرۆڤێك دابینکرد کە زیۆس هەرگیز نەیدەویست کەسەکان لە ئاژەڵ تێپەڕێنن، نەوەکا ڕۆژگارێك دابێ چاویان بکەوێتە سەر ناز و نیعمەتەکانی زیۆس و دواتر لە سیناریۆی جیاجیادا لێیهەڵگەڕێنەوە.

ئەوەی نەژاد نیشانمان دەدا لە تێگەیشتنی من بۆ هەموو سیمبولیزەکردنەکانیدا دۆزینەوەی ئەو ئاگرەیە کە دوای بەخشەکەی بڕۆمیسیۆس سەر لەنوێ لێمان دزرایەوە، دزرانێك تا ئێستا هەر بە دزیەوە کەسەکان لە چوارچێوەی هەر کەلچەرێك بە گەرماییەکەی بڕی خۆیان دەشکێنن، دزرانی ئاگر دزینی تواناکانی مەعریفە و بیرکردنەوە و عەقلانیەت بوون، دزەکردنی نەژادی عەزیز سورمێ لە ڕێگەی سیمبولی سەیر سەیر بە قاچاخە ڕێی سەیر سەیر دەیباتەوە سەر ئەو سەرچاوانە بۆ ئەوەی کەمێك لە هەڵلەرزینەکانی خۆی ئارامکاتەوە، جا ئەم گەشتە بە ئاگاییەوە بێ یا بێئاگا گرنگ ئەوەیە ئەو ڕاستگۆیانە و هونەریانە لە کەرنەڤاڵێکی سیمبولیکیدا بەشێك لەو تاریکستانەمان بۆ ڕووناکدەکاتەوە.





# هونەر کە دەبێتە ناسنامە

ئەو مێرمنداڵەی ڕۆژێ لە ڕۆژان باوکی لەگەڵ خۆیدا دەیباتە چایخانەیەکی شاری هەڵەبجەوە، لە نێو چایخانەکەشدا ئەو مێرمنداڵە بە وێنەی تابلۆیەکی قەد دیواری چایخانەکە سەرسام دەبێت. لە مەزەندەی کەسدا نەبوو ڕۆژێک دادێت ئەو مێرمنداڵە دەبێتە نیگارکێشێکی بەتوانا و تابلۆی دەگاتە کۆشکی سپی کە ناودارترین کۆشکی ئەم سەردەمەیە.

ئا/ تاریق کارێزی

جەمال بەختیار (١٩٢٥- سلێمانی) ئێستا لە تەمەنی ٩٢ساڵیدایە، لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا ژیان بەسەر دەبات. پێشتر بۆ چەند جارێك باسی ژیانی ئەوم کردووە، لێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوەی ناکات، بەڵکوو هەوادارانی هونەری شێوەکاری بە قۆناغەکانی ژیانی ئەو کەڵە مرۆڤ و نیگارکێشە ئاشنان، هەر لە سلێمانییەوە بۆ هەڵەبجە، بۆ بەرەی شەڕی سەقز و مەهاباد، پاشتر گوندی وەرێ، ئینجا بۆ هەولێر و پاشان ژیانی پێشمەرگایەتی و ئاوارە بوون لە ئۆردووگا، دواتر بۆ کاشان و سەرەنجام بۆ ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکا.

ئەم هونەرمەندە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوییەوە تێکەڵ بە دنیای خەبات و کوردایەتی دەبێت. ئەو یەکەمین هونەرمەندی کوردستانە کە دوو تابلۆی (شیرین تەشی دەڕێسێ، کچی سەبەتە بە دەست) بە چاپی قەبارەی پۆستەر چووەتە نێو زۆربەی ماڵان لە باشووری کوردستان و تا رادەیەکیشماڵانی کورد لە پارچەکانی دیکەی وڵاتدا. ئەم هونەرمەندە کاکڵەی ژیانی پەیوەست بووە بە خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی لە پێناو رزگارکردنی گەل و نیشتمانەکەی. تابلۆکانی هەردەم باس لە ڕووداوی گەرمی تێکۆشان و قوربانی دانی گەل و پێشمەرگە، شەهید و بەرگری و بەرخۆدانی نەتەوەییانە دەکەن. هونەری نیگار لە لای ئەو بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ئەتمۆسفیری وڵاتەکەی. گوتاری دیدەییانەی ئەویش گوزارشتێکی ڕوون و رەوان بووە لە تێکۆشانی رژد و سەرسەختانەی نەتەوەیەك بۆ گەیشتن بە کەناری ئازادی و سەربەخۆیی. گەلێ سەرکردەی کورد و غەیرە کوردی دیوە، قازی محەمەد، مستەفا بارزانی، عەبدولکەریم قاسم، شاژنی ئێران. هتد. ئەو ئەگەرچی نیوەی ژیانی خۆی لە تاراوگەدا بەسەر بردووە، بەڵام لە هەموو قۆناغێکی ژیانیدا، لە هەر شوێن و کاتێکدا بوو بێت، هەردەم هونەر پەیامی ئەو بووە، هەر هونەریش بووەتە پرد و بەردەبازی پەڕینەوەی ئەو لە شوێن و ئاستێکەوە بەرەو شوێن و ئاستێکی دی.

کاتێك لەگەڵ مستەفا بارزانی دەچێتە لای پێشەوا قازی، وێنەی سەلاحەدین و پێشەوای پێکەوە کێشابوو، وێنەکەی





پێشکەش بە سەرکۆماری دیموکراتی کوردستان کرد، پێشەوا پێی دەڵێ «من هیچم نەکردووە شایانی ئەوە بم وێنەم بکێشی، چاکتر وایە وێنەی پێشمەرگەیەکی شەهید بکێشی.» وەك ڕێزێك لە بەهرەکەی، قازی محەمەد بەڵێنی پێ دەدات بۆ ساڵی داهاتوو بۆ خوێندنی هونەر ڕەوانەی (باکۆ)ی بکات، بەڵام تەمەنی کورتی کۆمار ئەو بوارەی نەدا. لە پاش نسکۆی ١٩٧٥یش، شاژنی ئێران لە نێو خێوەتی یەکێ لە ئۆردووگاکانی ئاوارەکانی باشوور لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چاوی بە چەند تابلۆیەکی جەمال بەختیار دەکەوێت، ئیدی بە ڕاسپاردەی شاژن لەلایەن حکوومەتەوە بە فەرمی ڕەوانەی شاری کاشان دەکرێت. لەو شارەی هەرە ناودار بە مافووری ئێران،جەمال بەختیار بۆ یەکەمین جار قوتابخانەی هونەری نیگار دادەمەزرێنێ. هێندە لە کاشان نامێنێتەوە، لە ساڵی ١٩٧٦دا وەك پەنابەر ڕوو دەکاتە ئەمریکا، لەوێش لە ڕێی شاشەی کەناڵی تەلەفزیۆنی ویلایەتی (تێنسی) یەوە، حاکمی ویلایەتەکە چاوی بە تابلۆکانی ئەم ئاوارە کوردە دەکەوێت، بۆ زیاتر گەشەدان بە بەهرەکەی ڕێی چوونە بەر خوێندنی بۆ مەیسەر دەکات، سەرەنجام لە ئەمریکادا دەبێتە مامۆستای هونەری نیگار.

ئەم هونەرمەندە سەرەتا وەك خۆڕسك دەستی بۆ هونەری نیگار بردووە، خوێندنی ئەکادیمی لە ئەمریکادا، هێندەی دی گەشە بە توانا و بەهرە هونەرییەکەی دەدات. ئەگەرچی تابلۆکانی لە ڕووی تەکنیك و توێکاری، بەکار هێنانی ڕەنگ و ڕوانگە، سێبەر و ڕووناکییەوە، بەر لە چوونە بەر خوێندنی ئەکادیمیش لە ئاستێکی باڵادا بوون، بەڵام خوێندنی ئەکادیمی هێندەی دی هونەر و بەهرەکەی قاڵ کردەوە.

جەمال بەختیار بە شێوەیەکی سەرەکی تابلۆکانی دەبنە دوو بەش. ئەوانەی وابەستە بە کورد و کوردستانن، ئەوانەش کە زادەی ژیان و ژینگەی ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکان. ئەوانی یەکەم پتر بە دەوری ژیانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خەباتی کوردایەتی، گوزارشت کردن لە کولتوور و کەلەپووری کوردەواری و سروشتی کوردستاندا دەخولێنەوە. ئەوانی دووەمیش زیاتر مۆدێل و سروشت و ستیلایف و بابەتی هەڵبژاردەی جڤاکی ئەمریکان، کە زادەی پێداویست و ژینگەی تاراوگەن، لە هەردوو تەرزە تابلۆکەشدا زۆر ستاتیکاییانە کاری کردووە. جەمال بەختیار جارێکیان گوتی «ئەمریکایی لە ڕێی تابلۆکانی منەوە، بە ڕەنگ و جوانیی سروشتی کوردستان سەرسامن، دەشپرسن: ئاخۆ بە ڕاستی کوردستان ئەوەندە جوانە؟» وەك ئەو گوتی «منیش وڵامیان دەدەمەوە و دەڵێم، ئەگەر کوردستان بەم جۆرە جوان نەبووایە، ئەدی من ئەو جوانییەم لە کوێ هێناوە؟»

ڕەنگ و شێوە (فۆرم، فیگەر)، دوو توخمی گوزارشت و دەربڕینن لە لای هونەرمەندانی شێوەکار، تا هونەرمەند لەگەڵ بەهرە و کەسایەتیی هونەریانەی خۆی ڕاستگۆتر بێت، هێندە گوتارە جوانەکەی کاریگەرتر دەبێت. ئەم هونەرمەندە کە بە یەکێك لە ستوونەکانی نەوەی پێشەنگی هونەری شێوەکاریی کوردستان دادەندرێت، هێندە متمانەی بە خۆی و هونەرەکەی هەبووە، بۆیە هەردەم وەك ئامرازێکی پەیام گەیاندن چ لە کوردستان و عیراق، چلە ئێران و ئەمریکادا بەکاری هێناوە. پەیامەکەشی بە ڕوونی لە لایەن قازی محەمەد (هەروەها گەلێ سەرکردەی دیکەی کورد)، عەبدولکەریم قاسم، فەرەح دیبای شاژنی ئێران، حاکمی ویلایەتی تێنسی، سەرمایەدارێکی ئەمریکی، جۆرج بوش، بیل کلنتۆن و گەلێ کەس و کەسایەتیی دیکەی کورد و غەیرە کوردەوە، بە ڕەوانی خوێندراوەتەوە. بۆ ڕاستیی قسەکەشمان دەڵێین: هەر بە نموونە تا ئێستا دوو تابلۆی ئەو نیگارکێشە لە نێو کۆشکی سپیی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا پێشوازییان لێ کراوە.

**ڕەنگ و شێوە (فۆرم، فیگەر)، دوو توخمی گوزارشت و دەربڕینن لە لای هونەرمەندانی شێوەکار، تا هونەرمەند لەگەڵ بەهرە و کەسایەتیی هونەریانەی خۆی ڕاستگۆتر بێت، هێندە گوتارە جوانەکەی کاریگەرتر دەبێت**

# سانجۆ: تەمەنی منداڵیم زۆر سەخت بوو

خانمە ئەكتەری ناسراوی تورك ئەلتچین سانجۆ تەمەنی منداڵی خۆی بە سەخت و دژوار وەسف كرد، بەتایبەتی دوای ناكۆكییەكانی نێوان دایك و باوكی كە بە جیابوونەوەیان كۆتایی هات كاتێك تەمەنی تەنیا سێ ساڵ بوو.

ئەلتچین لە بارەی رۆڵی دایكی لە سەركەوتنی وتی: زۆر لە ساتەكانی منداڵیم لە بیرە، تەمەنم سێ ساڵ بوو كە دایك و باوكم جیابوونەوە و باوكم ئێمەی جێهێشت، ئەو كات من و پێنج خوشك و براكەم بچووك بووین، بەڵام دایكم بڕیاریدا خەبات بكات لە پێناو ئێمەدا و دووبارەی ژیانی هاوسەرێتی پێكنەهێناوە، بۆیە من زۆر رێز لەو قوربانیدانەی دەگرین و تا دەمرین خۆمان بە قەرزداری ئەو دەزانین، چونكە ئەگەر ئەو نەبووایە ئێمە نەدەگەیشتین بەم رۆژگارەی ئێستا.هەر دەربارەی ژیانی خۆی سانجۆ دەڵێ: لە پێنج ساڵی رابردوودا ژیانی من گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتووە و بووم بە مرۆڤێكی زۆر هێمن و بڕوای زیاترم بەخۆم هەبوو و بەرەو پێشتر و باشتر هەنگاوم ناوە، هەر لەو ماوەیەدا لە ترس و شەرم رزگارم بوو بەتایبەتی ترسم لە تەنیایی و تاریكی و كەسانی بێگانە.

سەبارەت بە هاوسەری ژیانیشی سانجۆ دەڵێ: ئەو كەسەی خۆشمدەوێ زیرەك و قسە خۆشە، هەمیشە وام لێدەكات بە پێكەنین و زەردەخەنەوە بژیم، كاتێك لەگەڵی دەبم هەست بە خۆشییەكی بێ سنوور دەكەم بەجۆرێك دەتوانم تەواوی ژیانم بە خۆشی و شادی لەگەڵی بەسەر بەرم.



# ئەنجلینا برادی پیر کرد



گۆڤاری (GO)ی ناسراوی ئەمریکی بەرگی ژمارەیەکی تەرخان کردبوو بۆ ئەستێرەی ناسراوی هۆلیۆد براد بیت، ئەمەش یەکەم دەرکەوتنی براد بوو لە سەر گۆڤارەکان دوای جیابوونەوەی لەگەڵ ئەنجلینا جۆلی لە مانگی ئابی رابردوودا و دوای ئەو کێشە یاساییانەی کە لە نێوانیاندا هەبوو بەتایبەتی سەبارەت بە پەروەردە کردنی منداڵەکانیان و ئەو پروپاگەندانەی دەربارەی ئالودە بوونی بە ماددەی هۆشبەر و کێشە دەروونییەکانی.

دەرکەوتنی براد ئەم جارە زۆر جیاوازتر بوو لە دەرکەوتنەکانی بەر لە چەندین ساڵ کاتێك گەنجێکی جوان و سەرنجراکێشترین کەسی جیهان و شاسواری خەونی زۆربەی کچان بوو، چونکە بەر چەند مانگێك بە ئاشکرا هەست بە ماندووبوونی جەستەی ئەم ئەستێرە جیهانییە دەکرا، بەڵام لەو دەرکەوتنەی تا رادەیەك باشتر بوو ئەمەش ئەو پروپاگەندانەی پشت راست کردەوە کە باسیان لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری دەکرد لە دەموچاوی.

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە براد رایانگەیاند کە هۆکاری دەرکەوتنی بەم شێوەیە جوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە دوای مانگی تەمموزی رابردووەوە ئێستا دەتوانێت چاوی بە منداڵەکانی بکەوێت و چەندین جار بە یەکەوە نانیان خواردووە لە ماڵی خۆی.

لەلا یەکی دیکەوە چەند دەزگای راگەیاندنی جیهانی رایانگەیاند کە ئێستا براد پەیوەندی خۆشەویستیی لەگەڵ سیینا میلەری ئەستێرەی سینەمایی هەیە،هەرچەندە ئەوان بە ئاشکرا هیچیان رانەگەیاندووە و باسیان لەو پەیوەندییە نەکردووە.



# سانۆن: حەز ناکەم شاجوانەکان ببنە ئەکتەر

زۆر جار شاجوانەکان و مۆدێلەکان بە پشت بەستن بە جوانی و شارەزایی خۆیان روو لە بواری نواندن دەکەن جا بە دەستپێشخەری کەسانی نزیکی خۆیان یان وەك ئارەزوو یانیش لەسەر داوای دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران کە دەیانەوێ سوود لە ناوبانگیان وەربگرن و هەندێکیان لەو بوارە سەرکەوتوو دەبن کەچی هەندێکیان وەك پێویست سەرکەوتوو نابن. خانمە ئەکتەری بۆلیۆد کریتی سانۆن لە بارەی ئەوەی کە وەستانی نمایشکارانی جلوبەرگ لەبەردەم کامیرا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە ببێتە ئەکتەر و لە نواندن سەرکەوتوو بێت دەڵێ:ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئایا بەشێوەیەکی واقعی ریکلامی پێشکەش کردووە، چونکە تەنیا وەستان لەبەردەم کامیرا ئەکتەر درووست ناکات بەتایبەتی ئەکتەری ئافرەت.

سانۆن یەکێکە لەو ئەکتەرانەی بۆلیۆد کە لە بواری نواندن خوێندنی ئەکادیمی تەواو کردووە بەر لەوەی بۆ یەکەم جار لە فیلمی (هیرۆبانتی) دەرکەوێت بە ئاشکرا دەربارەی ئەو نمایشکارانەی پێیانوایە بە ئاسانی دەتوانن ببن بە ئەکتەر دەڵێ: چەند کۆرسێکی وێنەگرتن و کار کردن وەك نمایشکاری جلوبەرگ و تەنانەت شاجوانیش نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانە پێیانوابێت شیاون بۆ ئەوەی ببن بە ئەکتەر و سەرکەوتوو بن لەو بوارەدا.

شایەنی باسە بەر لەوەی سانۆن خوێندنی لە بواری نواندن تەواو بکات وەك نمایشکاری جلوبەرگ کاری کردووە و توانیی لە بواری نواندن سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنێت و بەشداری لە ژمارەیەك فیلمێکی گەورەدا بکات لەوانە "Heropanti" و"Dohchay"و"Dilwale" و چەند فیلمێکی دیکە.

مەلاک:

# هونەر باشترین هۆکاری گەیاندنی پەیامی نێوان گەلانە

لە میانەی پیشانگای نێودەوڵەتی گەشتیاری کە لە هەولێری پایتەخت ساز کرا، تونس یەکێک بوو لەو وڵاتانەی بەشدارییەکی کاریگەریان لە پیشانگایەکەدا هەبوو، ئەوەشی بەشی تونسی لە وڵاتانی دیکە جیاکردبۆوە دوو کچی هونەرمەند بوو کە بە هەردوو ئامێری کەمانچە و قانون هۆڵەکەیان گەشاوەتر و رازاوەتر کردبوو، مەلاک کەشتبان کە مامۆستایە لە زانستەکانی موزیک و دەرچووی پەیمانگای باڵای موزیکە لە تونس، بە ژەنینی قانون ئارامییەکی بە دەروونی ئامادەبووان دەبەخشی، لە دەرفەتێکدا دەربارەی رۆڵی هونەر لە یەکتر نزیک کردنەوەی گەلان و ئامێری قانون و هاتنیان بۆ شاری هەولێر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.



***هاتنتان بۆ شاری هەولێر چۆن بوو؟**

- هاتنمان بۆ بەشداری کردنە لە پیشانگای گەشتیاری هەولێر، دیارە موزیك و هونەر رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەیە لە نزیك کردنەوەی گەلان و ئاشنا بوونیان بە کەلتووری یەکتری، بە هۆی هاتوچۆی بەردەوامی نێوان تونس و کوردستان ئێمە گوێمان لە ناوبانگ و ئەو پێشکەوتنە دەبوو کە لە کوردستان هەیە، سەرەڕای ئەمەش دوو دڵ بووین لە هاتنمان، بەڵام کە هاتین و بە چاوی خۆمان لە نزیکەوە کوردستانمان بینی بۆمان دەرکەوت کوردستان زۆر لەوە پێشکەوتووترە کە باسیان دەکرد، وڵاتێکی جوان و خۆش، گەلی کوردیش میللەتێکی مرۆڤ دۆست و ئاشتیخوازە و حەز لە نزیك بوونەوە دەکات لە نێوان گەلان، بێگومان ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەیەکە دوور لە ئاشتی دەژیت و ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە ئاشتی و پێکەوە ژیانی نێوان گەلانە.

*** کە چوونەوە بۆ تونس دەربارەی میللەتی کورد چی بە گەلی تونس دەڵێین ؟**

- پێیان دەڵێین وڵاتێکی جوان و خۆش و گەلێکی ئاشتیخوازمان بینی کە حەز بە ژیان دەکات، ئەوەی لێرە باس دەکرێت، دوورە لە راستییەوە، چونکە وڵاتەکە لە ئاسایش و ئارامیدا دەژیت، من کوردستانم زۆر خۆشویست، دڵگەرمی و جوانی سروشت و کەش و هەواکەی زۆر سەرنجیان راکێشام.

*** وەك هونەرمەند چی دەڵێی دەربارەی کاریگەری موزیك لەسەر نزیکبوونەوەی گەلان؟**

- ئێمە دەمانەوێ لە رێگای موزیك و هونەرەوە پەیامی خۆشەویستی بە مرۆڤایەتی بگەیەنین، چونکە موزیکە پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی هەڵدەگرێت و سنوورەکان دەبەزێنێت و گشت نەتەوە و میللەتەکان نزیك دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا ئارامی بە رۆحی مرۆڤ دەبەخشێت، ئێمە بە کەمانچە و ئامێری قانون ئەمە بسەلمێنین، لەبەر ئەوەی موزیك زمانێکی جیهانییە، تەنانەت ئەگەر لە زمانیشم نەگەیت و نەیزانی ئەوا لە رێگای موزیکەوە لە یەکتری نزیك دەبینەوە و پەیامی خۆمان بگەیەنین، دیارە زۆربەی گەلان لە رێگای هونەرەوە یەکتر دەناسن هەر بۆیەش ئێمە لە ریگای هونەرەوە زیاتر میللەتی کوردمان ناسی و ئەگەر موزیك نەبوایە ئێمە سەردانی کوردستانمان نەدەکرد.

*** لە کاتی ژەنینی قانوندا هەستمان کرد زۆر بە قوڵییەوە ئاوێتەی ئامێرەکەت بووی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- قانون یەکێکە لە ئامێرە موزیکیە کۆنەکان کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی سومەرییەکان دەگەڕێتەوە و دواتر بە تێپەڕبوونی کات لە رێگای عەرەبەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەورووپا لە رێگای ئەندەلووسەوە و بە دەوڵەمەندترین ئامێرە دادەنرێت لە رووی وەتەرەوە، چونکە ماوەیەکی دەنگی زۆر بەرفراوانی هەیە و لە نزیکەی سی دیوانی و نیو پێکهاتووە بۆیە گشت مەقامە موزیکییە عەرەبییەکان لە خۆ دەگرێت، بۆیە بە یاسا و دەستووری گشت ئامێرە عەرەبییەکان دادەنرێت و بە ئامێری دایك یان سەرەکی دادەنرێت بە هاوشێوەی پیانۆ لە رۆژئاوا و لە حەفتاو هەشت وەتەر و کلیل پێکهاتووە، لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەو ئامێرە ئەوەیە کە گشت ئامێرەکانی دیکە پشتی پێ دەبەستن بۆ رێکخستن و دەکەوێتە ناوەڕاستی ئۆرکیسترای عەرەبی، ژەنینی ئەم ئامێرە ئاسان نییە و دەنگەکەشی ئارامییەکی زیاتر بە دڵ و دەروون دەبەستێت و مرۆڤ هەست بە بوونی رۆحییەتی راستەقینەی موزیك لە قانوندا دەکات.

*** بەر لە هاتنت هیچ زانیارییەکت دەربارەی هونەری کوردی هەبوو؟**

- زۆر شتم دەربارەی کورد خوێندبۆوە و تا رادەیەك ئاشنایەتیم بە مێژووی کورد هەبوو، ئەگەرچی وەکو پێویست نەبوو، لەسەر هونەری کوردیش شتم خوێندبۆوە، بەڵام زانیاریم زۆر نەبوو، کاتێك هاتمە کوردستان و گوێم لە گۆرانی و موزیکی کوردی گرت، تا راددەیەك زانیاریم پەیدا کرد و ئێستا هەست دەکەم کە جۆرە نزیك بوونێك لە نێوان موزیکی کوردی و تورکی هەیە، چونکە گوێبیستی موزیکی تورکی ببووم، جا نازانم ئەوەی بە تورکی گوێم لێی بووە کورد لە تورکی وەرگرتووە، یان بە پێچەوانەوەیە، بێگومان بە حوکمی ئەوەی خۆم مامۆستای موزیکم لە مەودوا هەوڵ دەدەم زیاتر گوێ لە موزیکی کوردی بگرم.

*** ئەی سەبارەت بە هونەرمەندانی کورد هیچ زانیاریت هەیە؟**

-ئەوەی راستی بێت من زیاتر ئاشنایەتیم سەبارەت بە هونەرمەندانی تورك هەبوو، بەتایبەتی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساس، بەڵام کە هاتمە کوردستان لێرە زانیم کە ئەم هونەرمەندە بە رەچەڵەك کوردە، هەروەها کە گوێم لە موزیکی کوردیش بووە، وامدەزانی تورکییە، چونکە لێك نزیك بوونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

*** لە کۆتاییدا پەیامی تۆ چییە؟**

- بە راستی کوردستانم زۆر خۆشویست، هەروەها خەڵك و کەش و هەوای کوردستان زۆر دڵگیرن، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە میوانەکان دەکەن، هاتووین هونەری توونسی نیشانی خەڵکی کوردستان بدەین، هەڵبەتە میوزیك هەمیشە پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی هەڵگرتووە، ئەوە میوزیکە دەتوانێت شادی و خۆشی بخاتە دڵەکان و ئارامی ببەخشێت».